# ڕوونكردنەوە یەك لەسەندیكای كارمەندانی تەندروستی
# لقەكانی هەولێر ,دهۆك,سۆران

كارمەندانی تەندروستی ماندوو نەناس.

كیما گەران, بایلۆجی,فیزیكناسانی بەرێز.

بزیشكە لەخۆبردوە كان.

ئەوەی لای هەموومان شاراوە نیە , ناوەندی تەندروستی ئەوكایە خزمەت گوزاریە مرۆڤایەتیە , كە هەمووماں پێویستمان پێیەتی , ستا فەكانی ئەوە بوارەش لە خۆبردوانە , لە هەموو سەردەمەكان خزمەتكاری گەلەكەیان بوینەو هەمیشە هەتوانی ساریژی زامەكانیان , لەكاتی بێكەسی و تەنیایدا بۆ تەنها كاتژمێرێكیش یەك بنكە یەك نەخۆشخانە بە بیٚ ناز نەماوەتەوە هەمیشە كارمەندان پەروانە ئاسا دەزگاو دامەزراوە تەندرستیەكانیان ئاوەدانكردوتەوە , بەبیٚ لەبەر چاو گرتنی پاداشت و مووچەی زۆر بەڵكو هەڵبژاردنی ژیانی ئاسودە دروشم و خزمەتكردنی هەموو پەیام مان بووە , ئەو هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەو خزمەتگوزاریانەش لای بەرپرسانی هەرێم و هاولآتیان شارەوە نیە زۆر جار لە ڕابردوو بە لێنیان بە ستافەكانی ناوەندی تەندروستی داوە كە ئەگەر رۆژێك هەلو مەرج لەبار و گونجاو بێت هەرگیز ئەو هەڵوێستانە بیٚ پاداشت تیٚ ناپەڕن, ئەگەر چی ئێمە خزمەت بە گەلەكەمان بەئەركی نیشتمانی و مرۆڤانەی خۆمان دەزانین , لەهەمان كاتیشدا لەبەرمبەر پێشێل كردنی مافەكانمان بیٚ دەنگ نابین , لەپاڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا حكومەتی فیدراڵ لە مانگی (2007/11) بە بڕیاری ژمارە (1137039) زیادكردنی مووچە بەرێژەی لە(100٪) بۆ بزییشك و لە (50٪) بۆ كارمەندانی تەندروستی دەرچوو لە هەمان مانگیش دا جیٚ بەجیٚ دەكرێت لە ئەنجامی بەدوا داچوونمان دەركەوت هەرێمی كوردستانیش ئەو بڕیارە دەی گرێتەوە زیادە مووچەكەش هاتووە و لای وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم گڵ دراوەتەوە و دابەش نەكراوە لەكاتێكدا ئێمە چاوەروانی زیاترمان دەكرد لە حكومەتەكەمان , لە ئەنجامی مانگرتنی برا بزیشكەكان و هەڵوێستی سەندیكای كامەندانی تەندروستی لە هەرێمی سلیمانی لەمانگی (2008/5) وە وەزارەتی هەرێم بۆكاروباری دارایی بە نوسراوی ژمارە(8332) بڕیاری خەرجكردنی درا بە زیادەی مانگەكانی پێشووتریش , لەكاتێكدا هەوڵ لە ئارادایە كە زیادەكە فەرمانبەروو كارگوزارەكانی ناوەندی تەندروستیش بگرێتەوە ئێمەپشتیوانی لە وانیش دەكەین مافی خۆیانە كە ئەو بڕیارە بیان گرێتەوە .جێی داخە لەهەرێمی هەولێر تا ئیستا بڕیارەكە جیٚ بەجیٚ نەكراوە لەهەمان كاتیشدا بەرپرسانی وەزارەتی دارایی لە هەولێر وەڵامی یاداشتی چوار سەندیكای نادەنەوە دوای چاوەڕوانیەكی زۆر لەپرسگاكەی وەزارەتی داریی ئامادنین چاویشیان پیّان بكەوێت كە ئێمە پێمان وایە ئەوجۆرە هەڵوسو كەوتانە بەسەر چووە لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی كۆمەڵی مەدەنی گونجاو نین ئەو سەردەمەش بەسەر چووە لە ژێر ناو و پاساو دروشمی بریقەدار خەڵك لەئاست خورانی مافەكانی بیٚ دەنگ بێت . داوامان لە بەرپرسانە كە بەزووترین كات ئەو بڕ یارە جیٚ بەجی بكەن و چیتر قوتی خەڵك نەخەنە قاسەكانیانەوە .

بژی دیموكراسی

بەر قەرار بیٚ عەدالەتی كۆمەلأیەتی

سەندیكای كارمەندانی

تەندروستی كوردستان

هەولێر2008/6/11